# تۆ شاعیر نیت...!!

**نزار ناشاد**
Nzar_nashad@yahoo.com



ئەمرۆ گەنجێکی زۆر قەڵەمی شیعریان بەدەستەوەیەو هەریەکە بەشێوازێك تەرجەمەی خەیاڵگەو دنیابینی خۆی دەکات کەئەمە مافێکی سروشتی هەمووکەسە، هەرچەندە شیعر نووسین تەنها کێشانی وێنەی گەڵایەك ن یە لە چاوێکی گەنجانەوە کە گەڵا لەخۆیدا هەڵگری وێنەی ترە، گواستنەوەی دەنگی کەنارییەك نیە بۆ ناوگۆرانیەك کەهەزاران ئاواز لەسەدایدا جمەی دێت. ڕوونتر بڵێم شیعر نووسین دەست بردن نیە بۆ شتێك تەنها بەمەبەستی دەست لێدان، بەڵکو بەخستنەگەڕی تەواوی هەستەوەرەکان لەوکاتەی نووسەر بەهەڵچوونی دەروونی خۆی شتەکانی دەرەوە دەگەڕێنێتەوە ناو کارلێکە زاتیەکانی خۆی بەنیازی سەرلەنوێ وێنەکێشانەوە، چونکە شیعر دۆستی هەرە نزیکی هەستە لەناو هەموو ژانەرەکاندا.

لەئێستا لێشاوێکی شیعری لەناو گەنجاندا سەری هەڵداوەو زۆرن ئەوگەنجانەی کەنامیلکەی شیعریان بلاّوکردۆتەوەو شیعر دەنووسن، من پێم وایە گەنج وەك ئەوەی لەقۆناغی سەرەتادایە ڕەنگە نەتوانێت وەکو پێویست لەبەرامبەر دیاردەو گرفتە وجوودیەکانی مرۆڤ خۆیداو بەپشت بەستن بەبارگروەندێکی مەعریفی تۆکمە لەساڵی خۆنووسینەوەیدا دەقێکی سەرکەوتوو بەرهەم بهێنێت، چونکە بەهرەکانی گەنج زیاتر لایەنی هەست و ئیستاتیکی تێدا قوڵ بۆتەوە، ئەمەش بەس نیە بۆ ئەودەقەی کەئێستاو ئەمڕۆ خوێنەری ڕاستەقینەی شیعر چاوەڕێی دەکەن، بەلاّم خۆ سانایە گەنجێك چەندین وێنەی شیعریت پیشان بدات لەشێوازی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە ڕاستەقینەیەی کوت و مت کاریگەری لەسەر دەروونی داناوە.

هەرچەندە ناتوانین هەموو گەنجەکان هاتوون ڕووداوەکانیان وەك خۆی لەشیعردا داناوەتەوە بەڵکو گەنجی واشمان هەیە نەفەسێکی قوڵی هەیەو فیکرێکی قوڵ بەدی دەکرێت لەشیعرەکانیداو شیعرەکانی لێوان لێون لەپرسیار، بۆیە ناکرێت تۆ هەموو ئەو گەنجانەی کەشیعر دەنووسن بیان خەیتە تای تەرازوویەکەوەو پێیان بڵێیت ئێوە شاعیرنین.

لێرەوە دەمەوێت بڵێم کۆمەڵێك کەس کۆمەڵێك شاعیر بەبێ ئەوەی نامیلکەی شیعری گەنجێکیان خوێندبێتەوە بەبێ ئەوەی لەکۆڕی شیعری گەنجێکدا کەمێك گوێیان بۆ دەقی شیعری گەنجێك ڕاگرتبێت هەمیشەو بەردەوام لەسەر شیعری گەنجان قسەیان کردووەو پێیان وابووە کەئەوەی ئەمڕۆ گەنج دەینووسێت جگە لەنامەیەکی دلّداری هیچی ترنیە، ئەوەی ئەمڕۆ گەنج دەینووسێت دەردەدلە، هەرگیز بەگەنجێکیان نەوتووە تۆ شاعیریت، تەنیا ووشەی سەرزاری ئەو شاعیرانە لەبەرامبەر گەنجدا ئەوەیە کەدەڵێن وازلەشیعر بێنە چونکە تۆ شاعیرنیت، ئیتر نازانم ئەوان بەچ پێوەرێك شیعری گەنج دەپێون و چۆن ئەومافە بەخۆیان دەدەن بەگەنجێك بڵێن تۆ شاعیرنیت.

دەمەوێت بڵێم گەنجی ئێمە لەولاّتێکدا دەژی کە گەنج بوون لەناو تێزوو ژیانی کۆمەڵگادا سێنترالی خۆی وون کردووە، ئەم شەقامەی تۆ دەیبینی پڕە لەدڵشکان بۆیە ئەمڕۆگەنج تەنها توانای وێنەکێشانی حەسرەت و دلگوشرانەکانی خۆی هەیە، لەکاتێکدا ناوەندو ئۆرگانێکی شیاونیە گەنج بەها ویژدانیەکانی خۆی تێدا پەروەردە بکات، داخم ناچێت... گەورەکان هەمیشە لەگرفتی ئاست نزمی شیعری گەنجان قسەدەکەن و نایەن باس لەو مووسیبەتانە بکەن کەبەهرەو تواناکانی گەنجی بەرەو ئاقارێکی خراپ بردووە، لەناو هیچ میللەتێکدا زۆروبۆری و لێشاوی شیعری دیاردەیەکی ئاسایی نەبووە، بەلاّم ئەگەر مەسەلەکە هاتە سەرئەوەی گەنجان لەکتێبخانەی کوردی دەربکەن ئەوا ئیهانەی خەیاڵگەو دنیابینی توێژێکی هەستیاردەکەن لەکۆمەڵدا کەهەمیشە دەیەوێت بڵێ من هەم...!!

پاشان مادام شتێك هەیە بەناوی ئازادی باڵێگەڕێین گەنجان چی ئەنووسن با بینووسن، خۆ خوانەخواستە نامان بینی گەورە شاعیرێکی بەئەزموون جێگە چۆڵ بکات بۆ دەنگ و سەدایەکی تازە بەمەبەستی موومارەسە کردن و ئاست بینینی توانستەکانی ئەو دەنگە تابڵێن جەخار ڕەوتی ڕۆشنگەری و بوارو تێزە ئەدەبی و هونەریەکان بەرەودواوە چوون.

گەنج ئەوەی هەیەتی و نیەتی خوێندنگەو سەرشەقام و هەندێ ئینتیمای هاوڕێیەتی خۆیەتی پەنای بۆ دەبات و دەنگی پێ دەگەیەنێ ئەوانەش مەکان و زەمانی قۆناغێکی دیاری کراون، ئەگەرهاتوو گەنج ئەومەکانەی تێپەڕاند ڕەنگە ڕۆژی ڕووناکی لێ هەڵبێت و بگاتە ئاست و توانای باشترو زۆرتر، ئیتر بۆ

لێناگەڕێن گەنج لەپاڵ تووڕەیی و بێ کەسی و تۆزێك لەو نەفەسە ئازادیەی کەهەیە بۆ ئایندەیەکی باش بگەڕێت بۆ دەبێت بەگەنجێك بڵێیت تۆ شاعیرنیت.

من دڵنیام زەمەن لەتێپەڕینی خۆیدا مێژوویەك جێدەهێڵێت ئەوە ئەو مێژووەیە دەبێتە سەنگی مەحەك، نەك تۆیەك دانی خێر بەگەنج و شیعری گەنجدا نانێیت و پێی دەڵێیت تۆ شاعیرنیت، تۆیەك کەدەتەوێت هەرخۆت بیت و بەس، ئەو گەنجەی تۆ پێی دەڵێیت تۆ شاعیرنیت ئەگەر ڕۆژێ ئاست و تواناکانی بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینی و ئەو دەنگە لەناو نەچوو مایەوە و بووبەدەنگێکی باش، ئەوا شەرم ناتگرێت کەئەمڕۆ پێت وتووە تۆ شاعیرنیت، شەرم ناتگرێت کەرقت لە هەنگاوی سەرەتایی ئەوگەنجە و شیعرو بەهرەکانی بووە، بۆیە ئیدی بەسە بەس ئەوەندە **بەلووت بەرزی بەکەس مەڵێن تۆ شاعیرنیت.**